لە عە نی ئەم دارو پەردووە دوروست کراوە . ئە بێ تۆ هەرخیشتێ ، هەر پارچە تە ختە بێ ، هەر بزمارێ ، بە کورتی، هەر پارچە بێ لەم دارو پەردووە لەچی ژوورێك یان دەرگایان پەنجەرە و دیوارو سەربانکی ئەو کۆشکەدا بە کەلك هێنراوە، بە بێ ئەوە کە کۆشکەکە بیمێنی بدۆزیتەوە . »

بە راستی ئەم کارە بۆمن دەردەسەرێکی گەورە بو . چونکە دەستوورێکی کوردی کە بە کەلك بێ نەنووسرابو هە تا تۆزێ رێم لێ رووناك بکاتەوە . هەر تەقەلا یێ بو دام ، هەر بێ خەوێ بو کێشام ؛ ئێستا ئەم دەستوورەم هێناوە تە مەیدان . من نالێم کە ئەم کارەم بێ قسوورە ، هەڵبەتە قسووری هەیە . بەڵام خاوەنی ئینساف تە ماشای گەورەیی کارە کە ئەکا وە لێم ئە بوورێ .

لە بیرما نە بو کە جزیم جزیم دەری بێنیم . بە ڵام چونکە لەسەر رۆیشتنیم بۆ لەندەن ، وتیم ئەوەی لە چاپ دراوە دەری بێنیم بەشکو هە تا ئەگەڕێمەوە بخوێنرێتەوە وە کە جزمە کانی تریم دەر هێنا بۆ خوێندەوارە کان ئاسانتی بیبێ.

تەوفیق وەهبی .

٩ . حەرفي دەنگي ئەوانەن کە هەر بە کنکمان بۆدەنگیٚ دانراوە ، بەلام لە خۆیانەوە دەنگمان لیٚدەرنایەٚ ؛ ئەمانەن :

ء ، ب ، پ ، ت ، ث ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ڊ ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، ه ، ی .

١٠ . حەرفي حەرەکە ئەوانەن کە ئەخرێنە پاڵ حەرفە دەنگمە- کانەوە بۆ ئەوە کە بەپێی چەشنی ئەو دەنگ کیردنە کە گەرەکە کار بە گەروو وەلێو بکەن ؛ لەبەر ئەمە ئە بیٚ ئەم دوو سینف حەرفە بۆپیشاندانی دەنگ یەك بکەوین . حەرفی حەرەکە ئەمانەن :

ا ، و ، وٙ ، ە ، ی ، ێ ، ي

# حەرفی دەنگی .

١١ . حەرفی ح ، ع ، ق لە ئەسلی کوردیا نەبن،لە عارەبی وەرگیراوین؛ عارەبەکان ئەم دەنگانە لە ناو گەرووەوە دەرئەهێنین ؛ لە کوردیا سووکتیر دەرئەهێنرێن .

١٢ . پ ، چ ، ژ ، گ لە هەموو شێوەکانی کوردیا هەن .

١٣ . ڊ، ڊ، ڵ هەندی شێوەی سلێمانین ؛ حەرفی «ڊ، ڊ» بۆ سووك کیردني حەرفی « ت ، د » لە باتیان بەکەلك ئەهێنرێن ؛ وەکو ، باوکیت لەکویە ، ئەم کاغەزە ئەدەم بەو .

١٤ . « ڤ » هەندی شێوەی سەرووە ، بەلام لە چەند کەلیمەیەکی کوردی سلێمانیشا ئەبینرێ ؛ وەکو ، ڤرە . حەڤدە .

| شکیلیان | ناویان | وێنه | |
|---|---|---|---|
| ا | ئا | ساوا | حەرەکەی ئێکی درێژە . |
| و | ئو | کورد | حەرەکەی ئێکی کورتە . |
| ۆ | ئۆ | پۆر | حەرەکەی ئێکی درێژە . |
| ە | ئە | حەمە | حەرەکەی ئێکی کورتە . |
| ی | ئی | سەروان | حەرەکەی ئێکی کورتە : |
| ێ | ئێ | دێر | حەرەکەی ئێکی درێژە . |
| ي | ئي | کیردین | حەرەکەی ئێکی کورتە |

٢٠ . حەرەکەی لێکدراو لە یەکیانی دوو حەرەکەی رووت دو روست بون‌وە چوار ین :

| شکیلیان | ناویان | وێنه | |
|---|---|---|---|
| وو | ئوو | دوور | حەرەکەی ئێکی درێژە |
| ی | ئی | شەیر | حەرەکەی ئێکی درێژە |
| وي | ئوي | گویز | حەرەکەی ئێکی درێژە |
| یو | ئیو | دیور (٠) | حەرەکەی ئێکی درێژە |

٢١ . حەرفە حەرەکەکان هەر چەندە ناویان وەکو لە سەرەوە پیشاندراوە وا نە بەڵام دەمێ وا ئەخوێنرێنەوە کە حەرفی ئەداتێ بێن کە بە کەلمەی ئێکە وە نە نووسابێ ؛ وەکو ،

« ان » ی ئەداتی گەل و « ەکەی » ئەداتی تە عریفی مەعمەن بە تە نمابێن « ئان ، ئەکە » ئە خوێنرێنەوە .

---

(٠) بەشەوەی کوردیستانی خۆر هەڵات بەعنی دوور .

لەسەر . ( کەلیمەی لێکدراو . )

٦ . گرێی زەرفی ؛ وەکو ،

ئەو لەماڵەوە نوستووە ( « لەماڵەوە » کەلیمەی تەواو کراوە . )

پاشەوپاش . ( کەلیمەی لێکدراو . )

٧ . گرێی بەکخەرێی ؛ وەکو ،

هەرچەند . ( کەلیمەی لێکدراو . )

٨ . گرێی ندائی ؛ وەکو ،

باوکە رۆ !

**٩٧** . هەموو گرێیەکی تەواو بێ ، بێجگە لە گرێی لێکدراوی تەواوێ ، یا گرێی سفەتییە یا گرێی زەرفییە . ئەگەر گرێکە ناوێك یان سفەتێکی تەواو کیردبێ گرێی سفەتییە ، ئەگەر فعلێکی تەواو کیردبێ گرێی زەرفییە .

## بەند .

**٩٩** . بەند جوملەیەکە کە پارچە بێ بێ لە جوملەیەکی گەورەتیر ؛ وەکو ،

ئەو منالەی دوێنێ دیت ئەمڕۆ نەخۆش کەوت .

ئەمە جوملەیەکە دوو باسی تیا یە ؛ یەعنی دوو جوملەی تیایە . هەر یەکێ لەم جوملانە پێی یان ئە لێن بەند .

**١٠٠** . جوملەیێ چەند باسی تیابێ لەوەندە بەند دوروست بووە .

١١٣ . ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە حەرەکە بێ ،

(١) حەرەکەی « ە » بێ یەکێ لە « ە » کان هەڵ ئەگیرێ ؛ وەکو ،

کوندە . کوندەکە .

هەیزە . هەیزەکە .

(٢) حەرەکەی « ا ، ێ ، ۆ » بێ ،

(أ) ناوەکە یەك هیجایێ ،

« ی » ێك ئەخرێتە پێش « ەکە » وە ؛ وەکو ،

گا . گایەکە .

دێ . دێیەکە .

دۆ . دۆیەکە .

(ب) ناوەکە دوو هیجایی بێ ؛

« ە » ی « ەکە » فڕێ ئەدرێ ؛ وەکو ،

کابرا . کابراکە .

هەرمێ . هەرمێکە .

پەرۆ . پەرۆکە .

(٣) حەرەکەی « وی ، ێو » بێ ،

« ی » ێك ئەخرێتە پێش « ەکە » وە ؛ وەکو ،

گوێ . گوێیەکە .

دەزیو . دەزیوەکە .

١١٤ . هەندێ جار بەتەنیا حەرفێکی « ە » بۆ نێروە حەرفێکی

١٦٠ . لەو فعلە لازمانە دا کە دوای مەسدەرەکانمان « ین » ە ئەم « ین » ەمان لێ فڕێ ئەدرێ وە « ە » یێك ئەخرێتە جێ مان ؛ وەکو ،

| فعیل . | ناوی دو روست کراو . |
|---|---|
| تەقین . | تەقە . |
| کتۆکین . | کتۆکە . |

١٦١ . ئەمانە هەندێ لەوانەن کە بێ قاعیدە دو روست بوون :

| فعیل . | ناوی دو روست کراو . |
|---|---|
| خەوتین . | خەو . |
| ژماردین . | ژمارە . |
| گەزین . | گاز . |
| زانین . | زانیست . |
| لەوەڕین . | لەوەڕ . |
| هەڵکەوتین . | هەڵکەوت . |
| کیردین . | کار . |
| جۆشین . | جۆش . |
| ئنشان . | ئنش . |
| فەرموون . | فەرمان . |
| ڕەنجان . | ڕەنج . |
| دروون . | دروومان . |

# ناوی دوروست کراو لەناو .

**١٦٢** . بۆدوروست کیردنی ناو لە هەندێ ناو ئەداتی « ی »، « ێتی »، « ێنە » ، « یستان ، ستان » ، « ێن » ، « ێنی » ئەخرێنە دوا یانەوە؛ وەکو ،

| ناو . | ناوی دوروست کراو . | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جێژن . | جێژنی . | جێژنێتی. | | | |
| ئاو . | ئاوی . | ئاوێتی . | | | |
| قەبر . | قەبری . | قەبرێتی . | | | |
| ندسك . | ندسکی . | ندسکێتی . | | | |
| دار . | داری . | دارێتی . | داریستان | | |
| هەلوك . | هەلوکی. | هەلوکێتی | | هەلوکێن | |
| کور . | کوری . | کورێتی . | | | کورێنی |
| کیج . | کچی . | کچێتی . | | | کچێنی |
| ژن . | ژنی . | ژنێتی | | | |
| پیاو . | پیاوی . | پیاوەتی . | | | |
| مەر . | مەری . | مەرێتی . | | | |

لەمانە ئەوانەی بە « ێتی » و « ێنی » دوروست بوون ناوی مەعنەوی تەواوین ، ئەوانەی بە « ی » دوروست بوون بە پێی بەکارهێنانانەوە ناوی مەعنەوین یان سفەتین .

« پیاوەتی » ڕاستەکەی « پیاوێتی » یە .

**١٦٣** . هەموو ناوێ بە یارەی « ی » ، « ێتی » یەوە ئەکرێ بە ناوی مەعنەوی . بەلام ئەگەر ناوەکە دوا حەرفی « ی » بێ « ێتی » بەکالك ئەهێنرێ ؛ وەکو ،

# ناوی بچووك كراو .

**١٧١** . ناو به خیستینی ئەداتی « ۆله » ، « ووله » ئەدوا یەوە مەعنای بچووکی ئەدرێتێ . ئەگەر دوا حەرفی ناوەکە حەرەکە بێ «ۆ» ی ئەداتەکە هەڵ ئەگیرێ . ئەو ناوانەی ئەداتی بچووکیان وەرگیرتووە پێ یان ئەڵێن ناوی بچووك کراو ؛ وەکو ،

| ناوی بچووك كراو . | ناو . |
|---|---|
| بەرخۆله . | بەرخ . |
| براله . | برا . |
| پشیله . | پشی . |
| دانووله . | دان . |
| خانووله . | خانوو . |
| مەشکاله . ( مەشکەله ). | مەشکە . |
| مێشووله . | مێش . |

**١٧٢** . هەندێ ناو به ئەداتی « ۆك ، ۆکه » ، « ەلك ەکه » بچووك ئەکرێتەوە ؛ وەکو ،

| | |
|---|---|
| تەیر . | تەیرۆك . |
| مەنجەل . | مەنجەڵۆکه . |
| پوول . | پوولەك ، پوولەکه . |

**١٧٣** . بۆ هەندێ ناویش « ۆله » یان « ووله » و « که » پێکەوە بەکەلك ئەهێنرێن ؛ وەکو ،

# سفەتی چۆنی لە ناو دوروست کراو .

**١٨٧** . بۆ دوروست کیردنی سفەتی چۆنی لەهەندێ ناو ئەو ئەداتانەی لەجەدوەوە لەکەی خوارەوەدا نووسراوین ، وەکو پیشاندراوە ، ئەخرێنە دوا یانەوە :

| ناو . | ئەدات . | سفەتی چۆنی دوروست کراو . |
|---|---|---|
| زیستان . | ی . | زیستانی . |
| کەرکووك . | « | کەرکووکی . |
| قاوە . | « | قاوەیی . |
| کەراچی . | « | کەراچیی . |
| پیاو . | انە . | پیاوانە . |
| کەرکووکی [٠] | « | کەرکووکیانە . |
| کیچ . | انی . | کچانی . |
| کور . | « | کورانی . |
| شەرم . | ین . | شەرمین . |
| گۆشت . | « | گۆشتین . |
| ئاسن . | ین . | ئاسنین . |
| قەر . | « | قەرین . |
| گورگ . | ئاسایی . | گورگ ئاسایی . (گورگاسایی) |
| دارا . | « | دارا ئاسایی . |

[٠] « کەرکووکی » سفەتەوە وەکو ناو بەکەلك هێنراوە .

# سفەتی چۆنی لە فعیل دوروست کراو .

**١٩٠** . بەخیستینی ئەداتی « ۆك » ئەدوای رەگی (١) هەندێ فعلی لازعەوە سفەتی چۆنی دوروست بووە ؛ وەکو ،

گەران . گەرۆك (٢).

بەزین . بەزۆك .

فرین . فرۆك .

لە « گیران » و « تیرسان » « گرینۆك » و « تیرسنۆك » هاتووە .

**١٩١** . سیغەی دوولای ( ١ ) رابوردووی فعلی لازیم و مەجهوول راستەو خۆ سفەتین ؛ وەکو ،

میردوو . کوژراو .

# سفەتی چۆنی لێکدراو .

**١٩٢** . سفەتی چۆنی لێکدراو ئەو سفەتانەن کە لە دوویان لە دوو پتیر کەلیمە دوروست بوون § ٩٢ . لە کوردیا وەکو ناوی لێکدراو سفەتی لێکدراوش زۆرە .

---

(١) بۆ تێ گەیشتینی «رەگ» و سیغەی دوولای تەماشای گەردانی فعیل بکە .

(٢) رەگی « گەران » « گەرێ » یە . لێرەدا « ێ »یەکەی فرێ دراوە .

ئه گیرێ . بۆ « پەنجا ، حەفتا ، هەشتا » « مم » نابێ ؛ وەکو ،

بانزەم . بانزە مەمن .

پانزەم . پانزەمەمن .

پەنجامەمن . حەفتامەمن . هەشتامەمن .

**٢٢١** . لە پاش ژمارەی « دە » « ی » ێك زیاد ئەکرێ ؛ وەکو ،

دە . دەیەم . دەیەمەمن .

هەندێ کەس « دەمەمن » یش ئەڵێن .

**٢٢٢** . سفەتی ژمارەی ڕوتە بی بە قاعیدە ئەبێ بخرێتە پاش ناوەوە ، بەڵام پێش خیستینیشی ئەشێ . ناوێك لەگەڵ ئەم سفەتەدا هەمیشە تاك ئەمێنێتەوە ؛ وەکو ،

منالی دووەم . دووەم منال .

شەوی سێیەمەمن . سێیەمەمن شەو .

## ژمارەی کەسری .

**٢٢٣** . ئەو ژمارانەی وورده پیشان ئەدەن هەندێ مامۆستای دەستوور پێیان ئەڵێن ژمارەی کەسری . ئەمانە ژمارەی لێکدراوین وە لە دوو ژمارەی ئەسڵی دروست ئەبن ؛ ئەگەر ژمارەی دووەم ژمارەی « یەك » نەبێ ئەداتی تەواوی « لە » ئەخرێتە پێش ژمارەکەی یەکەمەوە ، وئەگەر ژمارەی دووەم « یەك » بێ ئەم ئەداتی تەواوە پێویست نیە ؛ وەکو ،

لە پێنج دوو . لە بیست چوار .

چوار یەك . هەزار یەك .

**٢٢٤** . ژماره‌ی که سه‌ری پێش ناو ئه‌خرێ وه به‌ بار به‌ ی ئه داتی ته واوی « ی » به وه به ناوه که وه ئه نووسێ ؛ وه کو ،

چوار به کی ئه‌م کتێبه .

له هه شت پێنجی ئه‌م منالانه .

**٢٢٥** . « نیمو » ژماره تکی ئه سلیه ، « نیموه » ژماره تکی که سه‌ریه ؛ وه کو ،

نیمو قران .

نیموه ی ئه‌م منالانه .

## سفه‌تی ژماره‌ی وه‌کو ناو به‌کارئه‌هێنرێ .

**٢٢٦** . ئه توانرێ سفه تێکی ژماره ی وه کو ناو به کار بهێنرێ . به لام ئه بێ بزانرێ که له گه لیا ناوێکی شاراوه هه یه ؛ وه کو ،

چوار یان هاتین . ( چوار پیاو یان هاتین . )

پێنج به کمان روین . ( پێنج به کی پیاوه کان روین . )

شه‌شه‌م هات . ( شه‌شه‌م پیاوهات . )

## سفه‌تی موبهه‌م .

**٢٢٧** . سفه تی موبهه‌م ئه وانه‌ن که ئه خرێنه پال ناوه وه بۆ پیشاندانی که سێ یان شتێك به جوورێکی موبهه‌م . ئه مانه سفه تی موبهه مین :

[ جەدوەلەکەی § ٢٥٢ ببینە . ] سینێ فعلەکان و دەمەکان دانراوین ، والەم جەدوەلەی خوارەوەدا پیشان دراوین :

جەدوەلی بۆناوە پێوە نووساوە کان کە ئەبنە باسلێنکراو .

**تـــــــاك .**

| کەس . | هەموو فعلێك . لەدەمە کانی ئێستادا . لەدوای حەرەکەوە . | هەموو فعلێك . لەدەمە کانی ئێستادا . لەدوای دەنگسەوە . | لازم ومەجهوول . لەدە مە رابوردووە کانا لەدوای حەرەکەوە . | لازم ومەجهوول . لەدە مە رابوردووە کانا لەدوای دەنگسەوە . | موتەعەددی . لەدەمە رابوردووە کانا . لەدوای حەرەکەوە . | موتەعەددی . لەدەمە رابوردووە کانا . لەدوای دەنگسەوە . |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم . | م . | یم . | م . | یم . | م . | یم . |
| دووەم . | ی ( ت ). | ی (یت)، ە. | ی(ت)، ت. | ی ( ت ) . | ت ( ت ) . | ي ( یت ) . |
| سێیەم . | ا ( ات، اتین)، ێ (ێت، ێتین) | | . | . | ی . | ی . |

**گـــــــەل .**

| کەس . | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم . | ن . | ین . | لەهەموو دەمێکی لازم ومەجهوول و لە ئێستای موتەعەددیا . | مان . |
| دووەم . | ن . | ین . | | تان . |
| سێیەم . | ن . | ین . | | یان . |

جەدوەلی بۆناوە پێوە نووساوە کان کە ئەبنە تەواو کەری سەربەخۆ .

| کەس . | لەدەمەکانی ئێستادا — لەدوای حەرەکەوە . | لەدەمەکانی ئێستادا — لەدوای دەنگمەوە . | لەدەمەڕابور دووەکانا . — لەدوای حەرەکەوە . | لەدەمەڕابور دووەکانا . — لەدوای دەنگمەوە . |
|---|---|---|---|---|
| **تـــــــــــــاک .** | | | | |
| یەکەم . | م . | | م (١) . | |
| دووەم . | ت ( ت ) | | ت (٢) ، ی ( یت ) . | |
| سێیەم . | ی ( ی § ٣١ ) . | | . | |
| **گـــــــــــــەل .** | | | | |
| یەکەم . | مان . | | ین . | ین . |
| دووەم . | تان . | | ن . | ین . |
| سێیەم . | یان ( سان ) | | ن . | ین . |

---

( ١ ) ئەم « م » ە لەدوای دەنگمەوە ئەبوا بە « یم » بوایە . بەلام چونکە لە دەمەڕابور دووەکانا هەمیشە لەدوایەوە حەرەکە یێ هەیە « ی » یەکە فرێ دراوە .

( ٢ ) ئەم « ت » ەش ئەسلەکەی « ی » بووە ، وە چونکە لە دەمە ـ ڕابور دووە کانا هەمیشە لەدوایەوە حەرەکە یێ نییە وەکو لە § ٢٦١ دا نووسراوە بووە بە « ت » .

کاکەی ئەڕوا . کاکی ڕۆی . ماموستای سەری ئێشێ .

کاکەم ئەبەی . کوتیڕیم ئەگرێ . کوتیڕیم بیگرێ .

کاکەت ئەبەم . کوتیڕیت ئەگریم . باوکی بانگ ئەکەم .

کاکەی ئەبەم . کوتیڕی ئەگریم . ناوی بنووسیم .

کاکەت هێنام . کوتیڕمی گیرت . کوتیڕی گیرتیم .

کاکەتیم هێنا . کوتیڕتیم گیرت . کوتیڕیم گیرتمت

کاکەیم هێنا . کوتیڕیم گیرت .

کاکەمان ئەبەیت . کوتیڕمان ئەگرێ .

کاکەتان ئەبەین . کوتیڕتان بیگرین .

کاکەیان ئەبەین . کوتیڕیان ئەگرین .

کاکەمان تان بیرد . کوتیڕمان تان گیرت . ( کاکەتان هێنان . )

کاکەتان مان بیرد . کوتیڕتان مان گیرت . ( کوتیڕمان گیرتین . )

کاکەیان تان بیرد . کوتیڕیان تان گیرت . ( کوتیڕتان هێنان . )

لەگەل ماموستا ئەچی . لەگەل باوکیم چووم . لەگەل کاکەت بچیم . لەگەل باوکی دانیم .

لەگەل کاکەم ئەخوینیم . لەگەل باوکیم ئەخوینیم .

لەگەل کاکەت ئەخوینیم . لەگەل باوکیت دەخوینیم .

لەگەل کاکەت بخوینیم . لەگەل باوکی بخوینیم .

لەگەل کاکەی بخوینیم . لەگەل باوکی بخوینیم .

لەگەل کاکەتان ئەخوینمین . لەگەل باوکمان ئەخوینمین .

لەگەل کاکەمی خوینب . لەگەل باوکتیم خوینب .

ئێرە ناخۆشە ، ئەوێ خۆشە .

کاکیم و باوکیم ئە هاتین ؛ باوکیم هات و ئەو نەهات .

حەماغا چووە مەکتەبەکە مودیرەکە ببینمێ ؛ کەچی هەتا ئەو چوو ئەم رۆیی بو .

« ئەوە » ی جوملەی چەپی یەکەم و « ئێرە » و « ئەوێ » ی جوملەی راست و چەپی دووەم و « ئەو » ی جوملەی چەپی سێیەم وە « ئەو » و « ئەم » ی جوملەکانی چەپی چوارەم بۆ ناوی نشاندەن وە باسلێکراوین .

ح ٢٨٩ . وەز یفەی تەواوکەری سەربەخۆ ؛ وەکو ،

ئەم کالەکە زیرکە ؛ ئەوە بخۆ .

مین ناگەڕێمەوە ؛ ئێرە ئەگریم بەکرێ .

چووم کە خانەو پەرێزاد ببینم ؛ ئەممانیم دی و ئەوانیم نەدی .

« ئەوە » ی جوملەی چەپی یەکەم و « ئێرە » ی جوملەی چەپی دووەم وە « ئەم » و « ئەو » ی جوملەکانی چەپی سێیەم بۆ ناوی نشاندەن وە تەواوکەری سەربەخۆن .

٢٩٠ . وەزیفەی تەواوکەری بەیارە ؛ وەکو ،

ئەم کالەکانە زیرکین ؛ لەوانە ( لە ئەوانە ) بخۆ .

مین ناچمە چەمچەماڵ ؛ لێرانە ( لە ئێرانە ) دائە نیشیم .

ئەو منالانە نەیان خوێندووە ؛ لەمان ( لە ئەمان ) بپرسە .

لەم جوملانەدا « لەوانە » ، « لێرانە » و « لەمان » بۆ ناوی نشاندەن وە تەواوکەری بەیارەن .

٢٩١ . وەزیفەی تەواوکەری باسی ناتەواو ؛ وەکو .

کابرا که ئه مه یه . ده فته ره که ئه وه یه . جێ مین ئه ونیانه یه .

**٢٩٢** . وەزیفەی تە واو کە ری ناو ؛ وه کو ،

کوری ئەم لە کوری ئە و زیرە کتیره .

کیلکی ئه مه له کیلکی ئه وه درێژ تیره .

سێوی ئه وێ له سێوی ئه مێ چا کتیره .

# لێکدرانەوەی بۆناوی کەسی وندشانی «ئەو» ، «ئەوە» ، «ئەوێ» .

**٢٩٣** . بەکێ لەم بۆناوانە ئەگەر شارەکەی لە پێشەوە رابور دیبێ و خۆشی لەباسلێکراو بێ بیتوانرێ هەڵ بگیرێ وە لە تەواوکەریا بیتوانرێ بۆ ناوی کەسی پێوە نووساوی «ی» ی لە جێ دابینرێ بۆ ناوی کە سیه ، ئەگەر شارەکەی لە بیرابێ یان لە پێشەوە رابوردیبێ ونە توانرێ هەڵ بگیرێ بۆ ناوی نیشانیه ؛ وه کو ،

منالەکەم دی ، ئەو زۆر زیرەکە .

منالەکە ئە بینیم وە ئەو ئە ناسیمەوە .

منالەکە ئە بەم وە پارەکە بۆ ئەو ئەدەم .

منالەکە بانگ ئەکەم وە گۆچانەکەی ئەو ئە شکێنیم .

لەم جوملانەدا ئەگەر بۆ ناوی « ئەو » جێی « منالەکە » یان گیرتیبێ و بیتوانرێ هەڵ بگیرێن وە لە تەواو کەریا لە باتیمان بۆ ناوی کەسی «ی» دابینرێ بۆ ناوی کە سین ؛ وه کو ،

ئەو پیاوەی بنرەدا رابورد ناسیاویم بو .

ئەمانە ئەو منالانەن کە دوێنێ لە ئمتحان دەرچون .

لە جوملەی یەکەما دووەم « کە » بۆ ناوی لێکدەرە ؛ چونکە جێی ناوی « خانووەکە » ئەگرێتەوە وە جوملەی « مین لە خانووەکەدا دانیشتووم . » ی بە جوملەی « ئێوە پار کڕیتان . » ەوە نووساندبیوە . لە جوملەی دووەما «ی » ی دوای « ئەو پیاوە » بۆ ناوی لێکدەرە ؛ چونکە جێی « ئەو پیاوە » ئەگرێتەوە وە جوملەی « ئەو پیاوە بنرەدا رابورد . » ی بە جوملەی « ئەو پیاوە ناسیاویم بو . » وەوە نووساندبیوە . لە جوملەی سێیەما « کە » ی دوای « ئەومنالانەن . » بۆ ناوی لێکدەرە ؛ چونکە جێی « ئەومنالانە » ئەگرێتەوەوە جوملەی « ئەمانە ئەو منالانەن . » ی بە جوملەی « ئەو منالانە دوێنێ لەئمتحان دەرچون » ەوە نووساندبیوە .

**٢٩٧** . شاری بۆ ناوی لێکدەرە گەلێ جار ئەبێ ئەداتێکی تەعریف یا سفەتێکی نشانی یان موبهەمی لەتەکابێ ؛ وەکو ،

پارە بێ کە تۆ هەتە بەشی ئەمە ناکا .

پیاوەکە کە کتێبی ئەخوێند مامۆستام بو .

ئەو پیاوەی کارکەر بێ رەحەتی ئەبمنێ .

هەندێ منال کەلێرە ن نافامین .

منالەکانیکەش کەنە یان ئەتوانی ئمتحان بدەن هاتیبون .

## جێگای بۆ ناوی لێکدەر .

**٢٩٨** . هەردوو بۆناوەکە لە کارا فەرقیان نیە . بەلام بۆناوی « ی » جێی ناوێ ئەگرێتەوە کە حەرفی تەعریفی مەعمەن یان سفەتی نشانی لە تەکا

## بوَناوی پیرسی .

**٣١٢** . بوَ ناوی پیرسی ئەو بوَ ناوانەن کە پیرس ئەکەن ، لە بەر ئەم خاسەیە ئەیان پێ یان ئەڵێن کە بوَ ناوێکین کە لە شوێن شارەکەیان ئەگەڕێن ؛ وەکو ،

کێ هات ؟

**٣١٣** . بوَ ناوی پیرسی ئەمانەن :

| بوَ ئنسان . | بوَ شیت . | بوَ جێ . |
|---|---|---|
| کێ ؟ | چی ؟ | کوێ ؟ |
| چەند ؟ | چەند ؟ | |
| کام ؟ | کامە ( کام ) ؟ | |

## وەزیفەکانی بوَناوی پیرسی

**٣١٤** . بوَناوی پیرسی پێنج وەزیفەی هەیە .

**٣١٥** . وەزیفەی باسلێکراوی ؛ وەکو ،

کێ هات ؟

**٣١٦** . وەزیفەی تەواوکەری سەربەخوَ ؛ وەکو ،

چەندیت دەوێ ؟

**٣١٧** . وەزیفەی تەواوکەری بەیارمە ؛ وەکو ،

بەچیت گیرت ؟

**٣١٨** . ئەمانە ئەتوانین ببنە تەواوکەری باسی ناتەواو .

کێ ؟ کوێ ؟

